
# ئەو ڕۆژانەی لە بیرناچنەوە



## محەمەد بەرزی

دوای ڕاپەرین و بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئابلۆقەکانی سەر هەرێم، یەکێتی نیشتمانی کەوتە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی گرنگ، کە بریتی بوو لە دەرهێنانی نەوتی شیواشۆک و دروستکردنی پاڵێوگەیەک لە ناو کارگەی شەکردا. جا بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژە پیرۆزە، کۆمەڵێک ئەندازیار و کارمەندی چاپوک و چالاکی شارەزا، ڕۆژانە زیاتر لە دوازدە کاتژمێر کاریاندەکرد و بە توانایەکی بەرزەوە شەویان دەخستە سەر ڕۆژ. بەڵام لە 31ی ئابی ساڵی 1996 دا هەموو جموجۆڵەکان بە تەواوی وەستان و دەتووت خۆڵی مردوو کراوە بە سەر یەک بە یەکی ئەو کارمەندانەدا، هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ بڕیارێکی سەدامی دیکتاتۆر، کە ناوەرۆکەکەی ئەمە بوو: ( جگە لە دەوڵەت هەرکەس و لایەنێک دەستکاری بواری نەوت بکات، ڕووبەڕووی سزای مردن دەبێتەوە ). ئەم بڕیارە ترس و دڵەڕاوکێ یەکی ئیجگار گەورەی خستە دڵی هەموو کارمەندەکانەوە، بە

تایبەتیش سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، کە دانیشتووی شاری هەولێر بوو، بە سەردان هاتبوو بۆ سلێمانی و چونکە سەربە یەکێتی بوو، ڕێگای گەڕانەوەی لێ گیرابوو. جا هەموو لە بیرکردنەوەدا بووین تا چارەیەک بدۆزینەوە وڕۆحی خۆمان لە دەستی بەعس و پارتی ڕزگاربکەین.

سەرلە بەیانی ڕۆژی 8 ئەیلول سەرپەرشتیارەکەمان بە هەواڵێکی خۆشەوە هەمووومانی لەو ترس و دڵەڕاوکێ یە ڕزگار کرد و وتی: ( برایەکم لە ئوستورالیایە، خێزانەکەی خەڵکی شاری بانەیە، لە بارودۆخی خۆمانم ئاگادارکردۆتەوە، ئەمشەو بە تەلەفون داوای لێکردووم خۆم و ئەوکەسانەی ترسیان لە خۆیان هەیە، لە گوندی چۆمانی پشت چوارتا گردبینەوە و سبەینێ خزمانی خێزانەکەشی لەوێ چاوەڕوانماندەکەن و دەمانبەنە ناو ئێرانەوە، پاشان ئەویش لە لای خۆیەوە کارمان بۆ دەکات تا بگەینە ئوستراليا ). لەوکاتەدا ئەم هەواڵە هەواڵێکی ئەوەندە خۆشبوو، هەر لەوێدا بڕیارماندا کاتژمێری دوی شەو هەموو لە قەلاچوالان یەک بگرین و پیکەوە ڕوو لە چۆمان بکەین .

هەمان ڕۆژ خۆم ئامادەکرد و بۆ شەوەکەی ماڵئاواییم لە خێزانەکەمکرد و لە کاتژمێری یەکی شەودا لەگەڵ سێ ئەندازیارو چەند کارمەندێکدا بە سێ ئوتومبێلەوە گەیشتینە قەلاچوالان.

لە قەلاچۆلان دیمەنێکی ئەوەندە سەیرم بینی، کە تا سەر ئێسقان ئازاری دەدام و هەرگیز چاوەڕوانی ئەو دیمەنە ناخۆشەم نەدەکرد . بە سەدان منداڵ و گەنج و پیر لە ژن و لە پیاو کەوتبوونە تاڵانکردنی فەردە شەکر و برنج و ڕۆن و کەلوپەلی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و وەزارەتی پیشمەرگە. ئەوەندە حەپەسابووم خۆشم سەرم لەو دیمەنە دەرنەدەکرد. ئاخر هێشتا نە یەک چەکداری پارتی و نە سەربازێکی بەعس گەیشتبوونە سلێمانی، کەچی یەک پێشمەرگەی یەکێتی لەو ناوەدا نەمابوون و هەموو لە سنوری ئێراندا گیرسابوونەوە. هەر لەوێدا شەڕەکەی ساڵی 1963 ی شاخی ئەزمڕم بیرکەوتەوە، کە تەنها چەند پێشمەرگەیەک، کە وەک دارگۆیژڕەگ و ڕیشەیان بە ناخی پیرە ئەزمڕدا ڕۆچوو بوو، نەیانهێشت زەعیم سەدیق بە خۆی و تۆپ و تانک و فرۆکەی میک و سوپایەکی پر چەک و جاشەوە ئەزمڕ بگرێت و پاش

چەند ڕۆژ شەڕی قورسی خوێناوی بە لوتی شکاو و پاشەڵی دڕاو و سەرشۆڕییەکی ئێجگار زۆرەوە کردیانەوە بە ناو شاردا.

تا کاتژمێری سێی شەو چاوەڕوانی سەرپەرشتیارەکەمانکرد، بەڵام دیار نەبوو، بۆیە بە نەشارەزایی ڕێگای چۆمانمان گرتە بەر، جا لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگای ماوەتەوە بڕۆین، ڕێگایەکی خۆڵی بەردەڵانیمان گرتە بەر، ئەوەی سەیر بوو پیکاپێکی پڕ لە خێزانیش بە دواماندا هاتن. نزیک بەرەبەیان گەیشتینە ناو کۆمەڵێک گرد و تەپۆڵکەی بەرز، لە دوورەوە چەند چەکدارێک هاواریان لێ کردین. ئێمە دڵمان خۆشبوو وامانزانی ئەوانە پێشمەرگەی یەکێتیین، بەڵام شۆفێری پیکاپەکە دابەزییە خوارەوە و وتی: ( دڵنیام ئەو چەکدارانە چەتەن ) ، بۆیە هەر لەوێدا بە خێرایی سواری پیکابەکەی بۆوە و ڕووی لە قەلاجوالان کردەوە. چەکدارەکان کە ئەوەیان بینی زیاتر لە سەد فیشەکیان پیوە نا، بەڵام باشبوو پیکابەکەیان نەپیکا و بۆ خۆیان ڕزگاریانبوو. ئیترئێمەش هەرئەوەمان پێکرا بە ترسێکی زۆرەوە و لەسەرسک خۆمان بدەین بە ئەرزدا. پاشان چەکدارەکان بەرەو ڕوومان هاتن و یەکەم قسەیان ئەمەبوو: ( چ گەوادێکتان یەکێتییە ؟ ). لە وەڵامدا وتمان: ( ئێمە فەرمانبەرین و لە ترسی هاتنەوەی حکومەتی بەعس ڕامانکردووە ). بەڵام ئەوان گوێیان نەگرت و سەرلەنوێ وتییان: ( جا ئەگەر یەکێتی نیین دەی باشە لە چیی دەترسن ؟ ). هەرچ قسەیەکمان کرد گوێیان لێ نەگرتین و بەردەوام لە دایکی ئەو کەسانەیان دەبرد، کە یەکیتییە. خێزانی هەندێک لە فەرمانبەرەکان کەوتنە گریان و پاراندنەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو، پاش تۆزێک لێپرسراوەکەیان و چەند چەکدارێکی تر هاتن و دەوریانگرتین، هەرچەند باسی حاڵی خۆمان بۆ کرد. بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: ( فززەتان نەیە، ئێوە لای ئیمە دەستبەسەرن و ئەتانبەین بۆ چۆمان و تا لێکۆڵینەوەی تەواوتان لەگەڵدا نەکەین نابیت لەوێ بجوڵێن ). پاشان دو چەکدار ئێمەیانبرد بۆ چۆمان و لە سوچێکدا ڕایانگرتین و هەڕەشەشیان لێکردین، کە لەو جێگایەدا نەجوڵێین.

چۆمان گوندێکی سەر سنورە، تەنها چەمێک، کە بەرزی ئاوەکەی تا قولەپێیەکی تەڕ دەکرد و پانییەکەشی هەر مەتر و نیوێک دەبوو، ئێران و عیراقی لە یەکتر جیادەکردەوە و بە ئاسانیش پیادە و ئوتومبێلی پێیدا دەپەڕییەوە. لە دووریشەوە بە جوانی دەرگا و پەنجەرە شینەکانی گوندێکی ئێران دیاربوو. ئەو ڕۆژە چۆمان زۆر زۆر قەڵەباڵغبوو، پڕبوو لە قاچاخچی و کەسانی کاسبکار، بە دەیان ئێستر باردەکران و بە دەیانیان بارەکانییان دادەگیران و کەس ئاگای لە کەس نەبوو. بەڵام ئێمە بە تەواوی شپرزە بوو بووین و خۆشمان نەماندەزانی تووشی چ بەڵایەک و گۆڵمەزێک بووین. بەڕێکەوت گەنجێک هات بە لامانەوە و وتی: ( ئەوە ئێوە چی دەکەن لێرەدا ؟ ). لە وەڵامدا وتمان ئەوی ڕاستی بێت ئەو چەکدارانە ئێمەیان دەستبەسەرکردووە و هۆکارەکەشی نازانیین ). گەنجەکە لە وەڵامدا وتی: ( ئەو کەللە پوتانە کوردی لای خۆمانن و بوونەتە جاش و چریکی ئێران و لەم ناوەدا خەریکی تاڵانی و ڕاوڕووت و شڕەخۆرین و دیارە مڕیان لە گیرفان و ئوتومبیلەکانتان خۆشکردووە، بەڵام ئەوان ئێستا لەو قاچاخچییانەوە ئاڵاون و سەرقاڵی مڕوموش و سەرانە وەرگرتنن و ئاگایان لە ئێوە نەماوە، جا هەتا تووشی بەڵایەکیان نەکردوون یەکە یەکە خۆتانییان لێ بدزنەوە و بەرەو ماوەت بگەڕێنەوە و پاش دە خولەکێک دەگەنە گوندی مەروێ و لەوێش دەتوانن خۆتان بشارنەوە ). ئێمەش هەر وامانکرد و یەکە یەکە گەڕاینەوە و نەوەستاین تا گەیشتینە مەروێ. ئەوەی جێگای دڵخۆشیبوو خزمێکی یەکێک لە ئەندازیارەکان دانیشتووی ئەو گوندە بوو، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین. هێشتا نانی نیوەڕۆمان نەخواردبوو، لاندکرۆزەرێک، کە پڕ بوو لە ژن و منداڵ لە سلێمانییەوە گەیشتە مەروێ و دەیانویست ڕوو لە ئێران بکەن. هەر لە سەر جادە خۆڵەکە چەکدارەکان وەک گورگی برسی لێیان ئاڵان و کارێکیان پێ کردن هەر مەگەر ئەو خوایە خۆی بزانێ. گریان و هاوار و قیژەی ژن و منداڵەکان بەردی دەکرد بە ئاو، بەڵام ئەوان بە زۆر و بە تۆپزی و قسەی ناشیرین هەموویانیان دابەزاندە خوارەوە و سواری لاندکرۆزەرەکەیان بوون و وەک ڕەشەبا بە بەردەمی گوندە پەنجەرە شینەکاندا ئاودیوی ئێران

بوون وکەسێکیش نەبوو بوێری داکۆکی لەو خێزانە بکات. ( لە دوایدا زانیمان  بە دوای ئێمەدا دەگەڕان، بەڵام تەماعی ئەو لاندکرۆزەرە تازەیە هەموو شتێکی لە بیربردبوونەوە )، کە ئەوەمان بینی  سەرلەنوێ ترس و دڵەڕاوکێ ئێمەی گرتەوە و دڵنیابووین ئەگەر ئێمەش بدۆزنەوە تووشی کیشە دەبین و رووتمان دەکەنەوە و ئوتومبیلەکانیشمان دەفرێنن   و کەسیش ناتوانێ لەسەرمان هەڵبداتێ، بۆیە هەریەکسەرهەموو بە سکی برسی سواربووینەوە و بەرەو ماوەت و قەلاچوالان گەڕاینەوە.   پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینەوە قەلاچۆلان، خەڵکی لە سلێمانییەوە بە پێ دەهاتن، لەوانەوە زانیمان، کە هێشتا پارتی نە گەیشتۆتە سلێمانی.  هەر لەوێدا بڕیارماندا لە ڕێگای دوکانیانەوە ڕوو لە پێنجوین بکەین.  دنیایەکی چۆڵوهۆڵی پڕ مەترسی، لەو کاتانەدا هەست بە گرنگی سایە و سێبەری پێشمەرگە دەکەیت ، ئاخر وڵاتی پڕ هەڵاوبەڵای بێ سەروبەر، بە بێ بوونی پیشمەرگەی ڕاستەقینە دۆزەخێکە بۆ خۆی.  نزیک کاتژمێری چواری عەسر گەیشتینە دەوروبەری سەید سادق، لە پڕ دەنگی تەقە و چەند دەستڕێژێکی یەک لە دوای یەک،  ئێمەی ڕاچڵەکاند و سەرلەنوێ وەستاینەوە ، پاش تۆزێک ڕێبوارێک لە سەیدسادقەوە هات و کاتێک لە هۆکاری ئەو تەقانەمان پرسیی کابرا وتی: ( ئەو تەقانە،  تەقەی خۆشی  پارتییەکانی هەڵەبجەن، کە بێ هیچ بەرگرییەک هاتوونەتە ناو سەیدسادقەوە و ئێستاش سەرقاڵی پشکنینی خۆیانن و پاشان دەڕۆن بەرەو سلێمانی ).  ئەو پیاوە باشە ئامۆژگاری کردین، کە نزیکنەبینەوە چونکە پارتییەکان بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە .  گیرانی سەیدسادق  کارێکی وایکرد  هەڵکوت هەڵکوت بەرەو سلێمانی بگەڕێینەوە.  کاتژمێری پێنجی سەر لە ئێوارە بە قژێکی بژ و لەشێکی خۆڵاوی و دەروونێکی پر لە خەموپەژارەیەکی ئێجگار زۆرەوە  خۆمکردەوە بە ماڵدا. هاوسەرەکەم  کە بەو حاڵەوە منی بینی وا پەشۆکابوو،  زۆر بە پەلە وتێ: ( ئەی ئەوە نەچوویت بۆ ئوستراليا ؟ ) . لە وەڵامدا وتم:  کچێ ئوسترالیای چیی و دوعا بکە لەم وڵاتە بێ نازو بێکەسەدا  بە ساغی و سەلامەتی  هاتوومەتەوە

ناوتان. کاتژمێری شەشی ئێوارە گرمە گرمی دوو تۆپ شاری هەژاند، ئەمەش نیشانەبوو کە هێزەکانی پارتی بەبێ هیچ بەرگریی وتەقەیەک هاتوونەتە ناو سلێمانییەوە.

بە درێژایی ئەو شەوە ناخۆشە و بۆ تەنها ساتێکیش خەو نەچووە چاوەکانم و بە ئازارێکی زۆرەوە دەتلامەوە و بە بەردوامی بیرم لەم کوردە داماوە دەکردەوە، کە چۆن سەدان ساڵە نیشتمانەکەی پارچە پارچە کراوە و بە درێژایی مێژووش بە لێشاو خوێنی لەبەر دەڕوات، کەچی هێشتا نەگەیشتۆتە کەنارێکی ئارام و ئەمەش حاڵی سەرکردە نەزان و بزوتنەوە نەزۆکەکانییەتی، کە هەردەمەی ڕیشی خۆیان دەدەنە دەست داگیرکەرێک و ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەک کوتەکێک بەکاریاندەهێنن و کاتێکیش ئامانجی گڵاوی خۆیان دەپێکن، ئەو کوتەکەش لە سەری کوردی کڵۆڵدا دەشکێنن.

خۆشەویستی پاڵاوگە ناوازەکە کارێکی وا یکرد ڕۆژی دوایی سەردانی کارگەی شەکربکەم، تا لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەو پرۆژە گرنگە بم، کە لێوان لێو بوو لە ڕەنج و تەقەللا و ماندوو بوون و شەونخوونی کۆمەڵێک کەسانی نیشتمان پەروەری بە شەرەف، کە تەواوکردنیشی بوو بوو بە خەون و خولیایەکی ئێجگار مەزن، بێگومان پارتیش گرنگی ئەو پاڵێوگەیەی زانیبوو، بۆیە بۆ پاراستنی سەد چەکدارێکی جامەنە سوریان بە دیارییەوە دانابوو. ئەوەی شایانی باسیشە و لە هەموو شتێکیش سەیر تربوو، ئەو کەسەشی ئێمەی نارد بۆ چۆمان، خۆی لە شاری هەولێردا تۆزی دەکرد.

**گەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتا، کلیک بکەرە سەر**

**www.wtarikurd.info**